# لێهاتویی  یان کارامەیی رێنمایی کردن



# کارامـــــــەیی چـــــیە:

**بریتیـە لـە :لـە جـێ بـەجێ كردنـی هەرشتێك لە لای تاك بە ئاسانی و بـە وردی ئەم كارە یان ئەو شتە جەستەیی بێـــت یـــان عقلـــی بێـــت**

## کارامەیی بریتی یە :

- لە و توانایەیی کە لە جێ بەجێ کردنی هەرکارێکدا یان کاریکی دیاریکراودا بەکاردەهێندریت ،کە کارەکە پێك دیت لە کۆمەلێك کرداری بچوك یان رەفتار بە شیوەیەکی زنجیرەیی یەك لەدوای یەکی گونجاو کە تەواو کەری یکترن.



# پێکهاتە سەرەکیەکانی کارامەیی ڕێنمایی کردن



- **زمـــانی جەســـتە : زمـــانی جەســـتە زمـــانێکی نەبیســـتراوە لـــە ریگـــای ئیشـــاراتی دەســـتی و گوزارشتەکانی دەم و چاو و جۆری دانیشتن وەستان بـــەدیار دەکـــەوێت وە زۆر گرنگـــە بـــۆ دۆزینـــەوەی نهێنیە شاراوەکانی ڕێنمایی خواز.**


ترجمة لغة الاشارة
امريكي
سعودي
ممتاز رائع
excellent
قسم بالله لاوريك شغلك
علامة النصر
Victory
لو سمحت هبلي سيجار
سوف اقتلك
i will kill you
تراكم معزومين عندي
على العشاء
وصلني قدام
hitchhiking
كلم المدير
فقاعات
Foqaat.com



- **گوێ گرتن لە ڕێنمایی خواز:**

**گوێ گرتن بە یەكێك لە لێهاتوە سەرەكیەكانی كرداری رینمایی كردن دادەندرێت ، كە رینمایی كاربە كاری دەهێنێت بۆ تێگیشتن لە ڕێنمایی خواز .وە بە بناغەی گشتی كارامەیەكانی تری رینمایی دادەنرێت ، واتا ڕێنمایی كار بە دل و هزرە و هەستەكانی گوێ لە رینمایی خواز بگریت**

# جۆرەکانی گویٚ گرتن

- **گوێگرتنی زارەکی:**

**واتا گوێگرتن لە رینمایی خواز بۆی دەربخات کە گویی لێیەتی لە ریگای بــە کارهێنــانی هەندیٚ زاراوە وەکو( بەڵی ،وایە،ها......هتد )یاخود هەندیٚ گوزارشت کردن وەکو( باشــە ،زۆرباشە،هەربژیت.....هتد )**



# جۆرەکانی گوێ گرتن

- **گوێگرتنی نازارەکی :**

**وەکو نیشان دانی زەردەخەنەیەکی بەسۆز یان سەرهەژاندن بە رازی بوون یان رازی نەبوون یان لە ریگای چاو و هەندی جار ئاماژەی دەستی**



## • گوێگرتن بە قوڵی:

**ئەمەش روو دەدات لە ڕێگای گوێگرتنی ڕێنمایی کار بە قوڵی و بە تەواوەتی بۆ ئەو هەموو ووشەو رستەو جولانەی کە لە ڕێنمایی خواز دەردەچن وە پیویستە وردو دەقیق بیت وە بەچاو لەگەڵی بیت .**



- دووبـاره دارشتنەوە ی بـابەتەکە :
- واتـا دووبـاره دارشتنەوەی ئەم رستـانەی کە لەلایەن رێنمایی خوازەوە دەردەچن لــە کــاتی قسەکردن دا .

- نموونە :رینمایی خواز دەلێت من ناگونجیم لەگەل ( باوك یان دایك یــان هاوســەرم یــان هاورێ ) لێرەدا رینمایی کار بەجۆریکی تر دایدەریشتەوە وەکو ( تۆ زۆر کێشەت هەیە لــە پەیوەندی کردن لەگەل دەوروبەرەکەت دا )

# شێوازی تری دارشتنەوە


- **رێنمایی خواز**:هەستم بە نائومێدی کرد کاتێك نمری نزمم بە دەست هێنا
- **رێنمایی کار** :تۆ هەستت بە نائومێدی کرد کاتێك نمـری نزمـت بەدەسـت هێنا
- لیرەدا رستەکە وەکو خۆی دووبـارەدەکەیتەوە سودی ئەم شیوازە ئەوە دەگەیێنێت

کە رێنمایی خواز هەست دەکات گرنگی پێ دەدەیت.

*دووبـارە کردنەوەی خاڵەگرنگەکان لە قسەکانی رێنمایی خوازلەگەل سەرنجدان و ئاگابوون لە هەموو جولەیکی رێنمایی خواز.

## پێچـــــــــــــەوانەکردنەوەی هەستەکان:

واتە لێرەدا ڕێنمایی کار وا لـە ڕێنمایی خواز بکات کـە لـەناو هەمان هەستی ئـەودا دەژیـت و هەست بە ئازارەکانی دەکات.





- **شـێوازی سـەیرکردن و گـوێگرتن و هەست کردن:**
- واتـا پێویسـتە رێنمـایی کـار بـە بـەردەوامی وبـە گرنگیـەوە سـەیری رێنمایی خواز بکات .وگوێی لێ بگریت و هەستی پێ بکات بۆ ئەوەی بە باشترین شێواز یارمـەتی بـدات و کێشـەکەی بـۆ چارە سەر بکات.

# ئاراستە کردنی پرسیار:

ئاراستە کردنی پرسیار بە یەکێ لە کارامەیە گرنگەکانی کرداری رێنمایی کـردن دادەنرێت .

- چونکە بە هۆی پرسـیار کـردن دەتـوانین بگەینـە قـولاّیی کێشـەکەو زانیـاری زیاترمان دەست دەکەویت.
- پێویستە رێنمای کارکاتی گونجاو هەلبژێرێت بۆ پرسیارکردن وە نابێیـت بـە هۆی پرسیارەکانی رێنمای خواز بپچرێنێ لە قسە کردن .
- وە پێویستە پرسیارکان لە گەل ئاستی رۆشنبیری رینمایی خواز بگونجێت وە بە زمانێکی سادە و ساکار بێت .

# جۆرەکانی پرسیار کردن کە ڕێنمایی خواز بەکاریان دەهێنێت

- **پرسیاری کراوە**: لێرەدا ڕێگا بە ڕێنمایی خواز دەدەرێت بە سەربەستی گوزارشت لە هەستەو بیرو بۆچونەکانی بکات و ولام بداتەوە بە بێ ئەوەی ڕێنمایی کار تدخل بکات.
- بۆ نمونە : هەستت چیە بەرامبەر باوکت؟

  هەست بە چی دەکەیت؟



- **پرسیاری داخراو :**

**ئەم جۆرە پرسیارە بەوە جیادەکرێتەوە کە وەلاٌمێکی کورت و دەست نیشان کراوی هەیە یان بە ( بەڵێ یان بە نەخێر ) ولام دەدریتەوە .**



**بۆنمونە *ئایا باوکت خۆش دەوێت.**

***هەست بە تورەیی دەکەیت**

## -رووبە روو بوونە وە :

لەلایەنی هەڵچونیەوە هەست بەچی دەکەیت کاتێك بڕیار دەدەی لەگەل کەسێك رووبەرو ببیتەوە ؟

بێگومان لە ئەنجامی ئەو روبەروبونەوەیەدا هەست بە دلەراوکێ و دوو دڵی دەکەیت ، روبەروبونەوە یەکێکە لە لێهاتویەکانی کرداری رێنمایی کردن ، لێرەدا رێنمایی کار یارمەتی رێنمایی خواز دەدات بۆ ئەوەی بتوانێت رووبەروی بارودۆخ و کەسەکان ببێتەوە و بەرچاو روونی پێدەدات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گونجاو بەو کارە هەلبستێت .



## زاڵبوون بەسەر بیروباوەڕە هەڵەکان و سەیرکردنی کەم بۆ خودی خۆی :

هەموو کەسێك یاسایەکی هەیە بۆ بیرەباوەڕەکانی خۆی .

و مافی ئەوەی هەیە ئەو شتانە دەست نیشان بکات کە بڕوای پێیان هەیە ئەو شتانەش کە بڕوای پێیان نییە ، وە ڕۆلی ڕێنمایی کار بریتی نییە لە گۆرینی ئـەو بیروباوەڕانـەی کـە ڕێنمایی خواز هەیەتی ، بەلکو لەسەریەتی هۆشداری بداتە ڕێنمایی خواز دەربارەی ئـەو بیروباوەڕانـەی کـە هـەڵیان دەبـژێرێت ، هەنـدێ جـار ڕێنمـایی خـواز هەنـدێ جـۆرە بیروباوەڕانەی هەیە کە تێکشکێنەرن بۆی .



# ئەم بیروباوەرانەش بریتین لە :

- 1- پێویستە هیچ کاتێك هەلە نەکەم بە هیچ شێوەیەك .
- 2-خەڵکی تریش پێویستە هیچ کاتێك هەڵە نەکەن .
- 3- پێویستە خەلك بە ئارەزووی من هەلسوکەوت بکەن .
- 4- پێویستە منیش بە ئارەزووی ئەوان هەلسوکەت بکەم .
- 5- پێویستە ژیان هاوسەنگ و عادل بێت .
- 6- پێویستیم بە ڕازی بونی کەسانی تر هەیە بۆ ئەوەی حالم باش بێت .
- 7- پێویستە بە بەردەوامی کەسانی تر دلخۆش بکەم .
- 8- پێویستە هیچ کاتێك توڕە نەبم .
- 9- پێویستە هەموو کات دلخۆش نەبم .
- 10- پێویستە هیچ کات پەنا بۆ گریان نەبەم .

- لەبەرامبەر ئەم بیروباوەرە هەڵە و ناڕاستانە بیروباوەری ڕاست و دروست و ژیریەکانیش ئەمانەن :

- 1-تاکە ڕێگا بۆ ئەوەی هیچ هەڵەیەك نەکەین ئەوەیە هیچ شتێك نەکەین ، من چالاك و ئیش کارم هەموو کەسێکی چالاکیش هەڵە دەکات .
- 2-هیچ کەسێك کامل و تەواو و بێ کەموکوڕی نییە ، و دەتوانم کەسانی تر کە هەڵە دەکەن قبولیان بکەم ، چونکە کەس نییە هەڵە نەکات .
- 3-خەڵك پێویستیان بەوە نییە کە هەڵسوکەوت بکەن بە دڵی من .
- 4- پێویستسم بەوە نییە بەو شێوەیە بم کە خەڵکی تر دەیەوێت تاکو دڵم خۆش بێت .
- 5-ژیان هاوسەنگ و عادل نییە .
- 6-شتێکی جوان و خۆشە ئەگەر ڕازیبونی کەسانی تر بە دەست بهێنم ، بەلام مەرج نییە خۆشحالی و خۆشبەختیم بوەستێتە سەر ڕازیبوونی کەسانی تر .

- 7-بیرکردنەوەیەکی راست نییە کەوا بیربکەمەوە لە هەموو کاتێکدا دەتوانم خەڵکی تر دڵخۆش بکەم .
- 8-کێشەیەك نییە ئەگەر لە هەندێ جاردا یاخود لە هەندێ کاتدا پەست و تورە ببم .
- 9- زۆر ئاساییە ئەگەر بگریم ، و هیچ کێشەیەکی تیا نییە .

- بەم شـێوەیە رێنمـایی کـار دەتوانێـت شـتەکان ڕوونبکاتـەوە بـۆ رێنمـای خـواز و تێبیگەیەنێت کە ئەم بیرو بۆ چونانە هەڵـەن و دەتوانێـت بـە شـێوەیەکی راسـت و دروست بیر بکاتەوە ، و رێنمایی کار دەتوانێت ئەم شتانە ڕوون بکاتەوە بۆ رێنمـایی خواز لە ڕێگەی ئاراستەکردنی پرسیاری ڕاستەوخۆ بۆ رێنمایی خواز بۆ نمونە :

- ئایا تۆ پێت وایە ژیان داد پەروەروەر و هاوسەنگە ؟
- بەم جۆرە دەتوانن لەگەڵ رینمایی کار بگەنە وەلامی دروستی پرسیارەکان . بەمـەش دەستنیشانی بیروبۆچونە هەڵەکان دەکەن و لە ناویان دەبەن .